وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەردانێکی لەناکاو گەیشتە بەغداد

ئەمە هەینی 13ـی کانوونی یەکەمی 2024, ئەنتەنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەردانێکی ڕانگەیەندراو گەیشتە بەغدادی پایتەختی عێراق و لەگەڵ سەرکۆماری عێراق کۆبووەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی هاوبەش، لە کۆبوونەوەکدا هەردوولا تاوتوێی بارودۆخ و گەشانکاریەکانی سووریا کرد، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ژێمی بەشار ئەسەد.

لە کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پابەندبوونی ئەمریکا بە ئاسایشی عێراق پشتڕاست کردەوە، ئەوەش بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

بلینکن لەمیانەی سەردانە ڕانگەیەندراوەکەیدا بە بەغدای پایتەختی عێراق ڕاگەیاندووە کە" لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەغدا بارودۆخی سووریای تاوتوێ کردووە".